# پەیمانەی ڕژاوی تیشك

شیعر

کەریم دەشتی

2024

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- ناوی کتێب: پەیمانەی ڕژاوی تیشک
- بابەت: شیعر
- شاعیر: کەریم دەشتی
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: سەید ئارام
- تابلۆی بەرگ: هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسوڵ
- نرخ : (    ) دینار
- تیراژ: (500) دانە
- قەوارەی کتێب: 13.5*21 سم
- چاپخانە: موکریان
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (604) ساڵی (2024)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (1146)**

**ماڵپەڕ: www.mukiryani.com**

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## نۆستالگیا

مرواریی بووم
دەریا نیشتمانی ئەبەدیم بوو
بەڵام هەر زوو دیلیان کردم
قەت لەبیرم ناچێتەوە
لەو ڕۆژەوە لە گەردنێ بۆ گەردنێ
لە مەچەکێ بۆ مەچەکێ ئەمگوازنەوە
تا دێ لە نیشتمانی خۆم دوور ئەبمەوە
ئەزانم ڕۆژێ دێ بە ئاستەم
نیشتمانی ئەبەدیی خۆم بیر بێتەوە
بۆ یەکجاریی ڕەش ئەبمەوە.

## وەهمێکی کەوناری

من مەلێکم لە زۆر ئاسمانان فڕیوم
دارستانی گەورەگەورەم تەی کردووە
لانەی زۆرم بە چیلکە و پووش چێکردووە
بەچکەی زۆرم ناوەتەوە
هێلکەی زۆرم بە پووشەڵان داپۆشتووە
بەڵام هەمیشە و بۆ ئەبەد
بەدوای تاقە هێلانەیێ لە باڵکەوتووم
لە نیشتمان و زێدی خۆم جێم هێشتووە.

# من دانتیم[١]

دوور لە ئەلیژیریای غەمگین
لەناو ڕۆخانەی ڕووباری ئارنۆ
بەسەر لیماوی زەردباوی زێڕین
گورزێ ڕووناکیی ئەدرەوشێتەوە
پرچی ئاڵتوونی بەیاتریسە
وەک ئاوازی تەلی کەمان
کاسەی سەرمی پڕ شەرابی شین کردووە
بەڵام خەیاڵ مەودام نادا
ئەمفڕێنێ و ئەمباتەوە بۆ نیشتمان .

---

(١) دانتی کە وڵاتبەدەر کرا، تا مردن نەیتوانی بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی.

# ئیکسیل

لای زرێبار وەستام
کتێبی بام خوێندەوە
پڕ بوو لە گەوهەری ئەشك و برینی تەڕ
پڕ بوو لە ڕستەی خەمگینیی
پڕ بوو لە ناڵەی ڕۆژهەڵات
خەیاڵ بردمیە دڵی تەمتوومان
شەوم لێ داهات
کەوتمە وەسوەسەی ئاماژە و زمان
زۆر ڕێگەی دوور و درێژم بڕی
بەڵام هەرگیز
نەگەیشتمەوە نیشتمان.

## زێد

له دوور دوورەوە کۆڕەوێ دیارە
فەزایان تژی سەما کردووە
چین چین و پۆل پۆل
لەبەر بای ئەزەل  ئەلەرێنەوە
وەک بەفری چیا
لەئاسمانی شین ئەدرەوشێنەوە
دەنگ و سەدایان
وەک ئاو هەڵئەڕژێ
دڵخۆشن چونکە
بۆ نیشتمانی شیرینی خۆیان ئەگەڕێنەوە .

# گورگەکان

ڕێگاکانمان تەخت کرد و
زەوییەکانمان بژار کرد
باخەکانمان پاك کردەوە
بەنێو تاشەو تاوێرە خوێناوییەکاندا
ئاومان بۆ هێنان
لە کەلێنی سەختی چیاکان
کێڵگەکانمان کێلانەوە
پڕ بوونەوە لە سونبول و
گوڵەگەنمی پڕ شیری ژیان
چاویان هەڵنایە گورگەکان
هاکا بازیانداو کەڵبەیان گیرکردەوە
لە گەردەنی سپی و پێدەشتە ئاڵتوونییەکان
گورگەکان گورگەکان
واخەریکە ئەگەنەوە
تخووبی سەوزی نیشتمان.

# که بووم به باڵندە

که وەک باڵندەیێ
چوومە ناو دارستان
بەسەر بەرزترین لکەوە هەڵکورمام
هەستم کرد
ژیان هەمووی درەوشانەوەی گەڵایە
شاباڵم شەڵاڵی فڕین بوو
بیرم کەوتەوە من باڵندە نیم
دڵم لە سینە کەوتە خوارەوە
هەپڕوون بە هەپڕوون بوو
ئەوسا زانیم من بۆ فڕین نەخوڵقاوم
سەر زەمین  نیشتمانمە
هەتا ماوم.

# هاتنی درەوشانەوە

کاتێ کە ئەگەی شەستە دائەکا
تەرزە کێڵگەکان سپیرێژ ئەکا
دڵم لە تاوان سینە جیدێڵێ
لوتکە و دۆڵەکان
بۆ نووشتانەوە سەرەولێژ ئەکا
فەزا پڕ ئەبێ لە سەمای مەلان
خاك دائەگیرسێ و ئەدرەوشێتەوە
گیا سەوزایی
بەسەر گەڵا و گوڵ ئەبەشێتەوە
ئاسمان شوێنی خۆی
لەگەڵ زەویدا ئەگۆڕێتەوە
گوڵەگەنمەکان پڕ لەشیر ئەبن.

## چی تاریکییە

لەبەر ترووسکەی تاجی سەری تۆ
دوچاری دەستی ڕم و تیر ئەبێ
کاتێ کە ئەگەی
ئەی باغی تیشك و کانیی ڕووناکی
چی خەنیم هەیە
ئەکەوێتە ناو گۆماوی گومان
غوربەتی سینەم ئەتاوێتەوە
ئاسمان پڕ ئەبێ
لە بۆنی خاك و جیلوەی نیشتمان
کاتێ کە ئەگەی .

# مێژووی ئاگر

لەکوێ فێربووی بە کڵپەیێ
دنیا بکەی بە خۆڵەمێش
ئەو ڕەنگەت لە کوێ هێناوە
ئاوەها بووی بە باخی گڕ؟
-چەخماخەیەکی بچووك بووم
لەو ڕۆژەوەی
کوانووتان لێ خاپوور کردم
بۆ یەکجاری بووم بە ئاگر.

# گریانی مەلێ

دەنگێ ئەبیستم
هەر ئەڵێی دەنگی
کریستاڵێکی شینی شکاوە
ئەزانم دەنگی مەلێکی سپییە
لە هاوباڵانی خۆی دابڕاوە
هەر ئەفڕێ و پارچە پارچەی دەروونی
بەسەر ئاوەکان ئەبەشێتەوە
نازانم ئەگا بە نیشتمانی
یا بە تەنهایی سەر ئەنێتەوە؟

# ئۆقیانووسی ڕەنگەکان

لە ڕەنگی شەرابدا
شەونمی ئەزەلیم ڕەنگڕێژ کرد
لە ڕەنگی شەفەقدا
کۆتەرەی درەختم ڕواندەوە
لە ڕەنگی ڕەژوودا
ئەڵماسی ئاوازم دارڕژاند
لە ڕەنگی خۆڵەمێش
ئاگری ئۆلێمپم داگیرساند
لە ڕەنگی خۆرەتاو
شەوگارم بۆ ماڵی تاریکیی بردەوە
لە ڕەنگی ئازادیی
دەرگام لە باستێلی دیلەکان کردەوە
لە ڕەنگی سامالْدا
پیرۆزەم بۆ گەردەن بردەوە
لە ڕەنگی ئەبەنووس
بەفری ئەشکم باراند

له ڕەنگی کافووردا گوڵی ڕەش
له ڕەنگی خوێناوی گوڵی گەش
ببووره خاکی پڕ برینم
بۆ ڕەنگی کازێوه
چوومه ڕێی مەرگ و مان
هەموو ڕەنگەکانم تێکەڵ کرد
بەم هەموو ڕەنگانەش نەمتووانی
نەخشەیەك داڕێژم بۆ باخی نیشتمان.

# ڕەنگڕێژیی

سپیتر لە سپیرێزی دڵ
سپیاتی فرمێسکم
بۆمەرگی ئازادیی ڕشتووە
باڵدارتر لە باڵدار
بە دوای تۆ شاباڵم لێکداوە
زۆر پارچەی مەرجانی ئەو ڕۆحەم
لە ڕێی هات و نەهات جێماوە
خنکاوتر لە خنکاو بە دوای تۆ
خنکانی جودابیم چەشتووە
زۆر ڕەشتر لەڕەشی ئەبەنووس .

ئازاری ناو زیندانی دڵم ڕشتووە
سوورتر لە سووری خوێن
بۆ ڕەنگڕێژی جوانیت
خوێن لە سینەمدا ڕژاوە
گەرمتر لە گەرمی ئاگرا
تیغی داغی زمان بە مندا چزاوە.

# مژادی لاواز

هەموویان وەستان
ئاواز نەبێ
هەموویان کاڵبوونەوە
ڕەنگ نەبێ
هەموویان خەوتن
دەنگ نەبێ
هەموویان بێ ئاگان
زەنگ نەبێ
ڕەنگ و زەنگ دەنگ و ئاواز
جەوهەری بوونن
تەنها جەستەی مرۆڤەکانە
تاکمژادی لەناو چوونن .

# چۆڵە بێ تۆ

کەون بە زەویی و ئاسمانی
زەویی بە بوونی ئینسانی
ئاسمان بە مانگ و ساماڵ و
مەجەڕڕە و ئەستێرەکانی
چۆلە بێ تۆ
وەك نیشتمان
بێ تاڤگە و ڕووبار و کانی
وەك کتێب بێ هەستی گەرم و
بێ خرۆشی ماناکانی
چۆلە بی تۆ
وەك زەوی بە بێ باران و
بێ ورشەی ناو کێڵگەکانی

چۆلە بێ تۆ
وەك تاسووقی مناڵ
بۆ مژینی شیری گەرمی مەمکەکانی
وەك دووری
نێوان عاشق و تەواوی مەعشووقەکانی
چۆلە بێ تۆ
دەست لە ملانێی هەموو کوڕ و کچەکانی
چۆلە بێ تۆ ئەی ئازادی .

# ڕێسای ئەبەدی

وەك دوو ماندووی
ناو ڕەشەڕاوی تەمتوومان
وەك دوو هاملێتی
نوقمبووی گۆمی گومان
هێندە بەناو تاشە و تاوێرا ڕامانکرد
تا لە قوڕی هەبوون چەقین
بۆ ئەبەد  نەگەیشتینە باخی یەقین
ژەهری ڕەش و شەرابی سپی تێکەڵ بوون
ڕم و جەستەو تیر و سینە گەیین بە یەك
بەڵام ئێمە بەندەی دەستووری تەریبین
ناگەینە یەك
بە یەك بگەین
لەهی[٢] ئەوین ئەمانخنکێنێ
بە یەك نەگەین بەردی فیراق
پەنجەرەی دڵمان ئەشکێنێ .

---

( ٢) لەهی: لافاو

# تەما

ژەنگی زەمەن لە زمانم ئەشۆمەوە
ئاوەز ئەکەم بە زمانی ئاخاوتنم
دەرگەی زیندان
بۆ ئەفسانەی وشەکانم ئەکەمەوە
چیتر هەستم
جێگەی لەناو ڕێزمان نابێتەوە
گڕی ناخم بەشی هەزار ساڵم ئەکات
خەونێکتان بۆ راڤە ئەکەم
بۆ تاهەتا سەرسامتان کات
چەپك چەپك ئەو تیشکانە ئەکەمەوە
کە خۆرەتاوی ژیانم
لەڕێی ئەزموون پێی بەخشیوم

شیعر ئاسکی برینداری ڕۆژهەڵاتە
چاوچاوانێ لەگەڵ دەرد و عەزاب ئەکات
ڕەنگی کاشوێن لە زمانم ئەشۆمەوە
ئەوین ئەکەم بە زمانی ئاخاوتنم
من مەلێکی خاکبڕاوم تەنها زمانم
لەگەڵ سەری خۆم هێناوە
جەستەی تیشکڕێژی خۆم ئەبینم
بە ڕستەی ئەم هەبوونە بێمانایەوە
هەڵواسراوە.

# پەیمانەی ئومێد

کە نەفرەتم لە تۆفان کرد
ویستم تۆڵەی خنکاوەکان بکەمەوە
وچانێکم پێ ببەخشە
تەمی هەموو لوتکەکانت
بۆ ئەگرم و ئەسڕمەوە
سێوی زەوییت بۆ سپیی ئەکەم
بەردی ڕێگە و بانەکانت نەرم ئەکەم
زێی خەمباریت پەیت ئەکەم
ناهێڵم چیتر هەڵڕژێ و
سەری مەرگ ئەبڕمەوە
وچانێکم پێ ببەخشە

کۆلارەی پساوی مناڵیت بۆ ئەگرمەوە
شیعرێکت بۆ ئەنووسمەوە
تەختی تاری وەرگەڕێنێ
سەرەتایەکت بۆ دائەڕێژم
جاویدانی چاوەکانم
بەسەر کەوندا هەڵێنێ
ئەی باوەشی پڕ لەمیهر و میهرەبانی .

# قوڕی خەیاڵ

(١)

گوڵ لەسەر گۆڕەکان شین ئەبێ
گوڵ لەسەر گوفەك شین ئەبێ
لە کەلێنی تاشە و تاوێران شین ئەبێ
بەڵام هەرگیز لە دڵی مرۆڤ شین نابێ

(٢)

مێرووله لە هەموو شوێنێ
نیشتمانی خۆی دائەمەزرێنێ
لەبن بەردو کەلێنی دیوارەکان
لە ڕۆخانەی ڕووبار
لەناو پێڵاوی فڕێدراو
لە قەپێلکی چاوی تەرمەکان
بەڵام هەرگیز لانە ناکات
لەناو خوینی دڵی ئینسان

(٣)

ئاو ڕێگەی خۆی لە بەربەستان ئەکاتەوە
ئاو ڕێگەی خۆی لە دڵی بەرد ئەکاتەوە
ئاو ڕێگەی خۆی لە ئاگریش ئەکاتەوە
بەڵام تۆ ئەی نیشتمانم
چییە ناتوانێ ڕێگەی خۆت
لە تەختاییش بکەیتەوە

(٤)

بەچکەی مراویی لە دایکەبێ مەلەوانە
هەر زوو فێری ناو ئاو ئەبی
بەچکەی مەل لە دایکەبێ
هەر زوو پەڕوپۆ دەرئەکاو
فێری بەستەی فڕین ئەبێ
بەڵام ئەی تۆ نیشتمانم؟

(٥)

لەناو باخی ئاشتی و لە مەیدانی جەنگەکان
لە پرسە و لە ئاهەنگ گێڕان
لەبەر باران و بەفر و زریان
لە قاقای پێکەنین و لە گریان
ئەوەندە شایی ئەکاو هەڵئەپەڕێ
تا گۆڕی خۆی
لە جێ پێی خۆی هەڵئەکەنێ
کورد هەمیشە شایی ئەکا.

(٦)

هەموو زیندەوەرێ
ئایندەی خۆی درووست ئەکات
شێر لە بێشە و لە بیشەڵان
ئاسك لە پێدەشت و لە شاخەکان
ماسیی لە دەریا
مەیموون لە ناو دارستانی چڕ
ژیان بۆخۆی درووست ئەکات
بەڵام ئەی تۆ نیشتمانم؟

## خەیاڵ ئەمباتەوە نیشتمان

سپیی سپیی ئەچنەوە
نەورەسەکان لە بەرزایی بووندا
ئەڵێی هەورن بە تیغی با لەت کراون
مشتێ مەرجانی بەفرینن
لە بالکۆنی هوتێلەکانی سەر دەریا
هەڵرژاون
ئاسمان شین شین ئەچێتەوە
ئەڵێی خرخاڵی شاژنە
لە پێی کەون ئەبێتەوە
شەرابی سەر مێزی کچان

سوور سوور سوور ئەچێتەوە
ئەڵێی زەرییەکانی خودان
لە تاقی ئاسمانی خەیاڵ
یەکە یەکە بەرئەبنەوە
سەما ئەکەن هەوەس ئەداتە هەڵڕژان
بە دیار ئەو هەموو جوانییەوە
سەرسامی ئینسان قووت ئەدا
ڕەهایی وەکو وەسوەسە
ئەکەوێتە دڵی گومان
بەڵام چی بکەم
خەیاڵ مەودام پێنادا و
ئەمباتەوە بۆ نیشتمان .

# گەر نەبای

لە گۆزەی ئاوینی تۆ
تامی ئەزەلیم چەشتووە
بەسەر لێوی تۆوە
چڵە گیای نەمریم ڕنیوە
من لە ناو گەوهەری تۆوەڕا
شادیی شیعرینم چنیوە
لە پشتی مەتەرێزی سینەی تۆ
هەزاران شەبەیخوونی لەشکر شکاوە
تۆ بۆ من کێشی سەر زەوینی
بەتۆوە چەرخەلەی ژیانم ئەسووڕێ
تۆ نەبای ئەوەتا سەری من
بە شمشێری ژیان پەڕیوە.

# ئاسکەکەم ئاسکەکەم

ئاسکەکەی  نێو برینی گەرمی ڕۆژهەڵات
تەریوی سەر پشتی
لە هەزار جێ شکاوی وڵات
لە بیرمە لە ژێر باری ڕەنووی
کانوونێ تۆم هێنا
ئەوەندە بچووك بووی
لە گەرمی باوەشی پڕ میهری من ون بووی
گوێم لە خورپەی دڵی تۆ ئەبوو ئەیناڵاند
لەبەر ئاگری دار بەڕوو دامنایت و نەمردی
بە شیری شیرینی مەمکان گەورەم کردی
ئاسکەکە ئاسکەکە
ئاسکەکەی ڕۆژهەڵات

گەورە بووی
توکت پڕ ئاڵتوونی هەتاو بوو
دووبارە بەهار هات گیا دای لە چۆکان
بەرهەڵای پێدەشت و دۆڵەکانم کردی
تێکەڵی مێگەلان بوویتەوە
بۆ تاوێری چیاو
سەرکانی ئاسکان چوویتەوە
ئێستێکە بە تەنها ماومەوە و
قەدەری تۆش هەر راکردنە
هەم لەمپەر بڕینە
یا کەوتنە ناو بۆسەی مردنە
نازانم ئێستێ تۆ لە کام لوتکە و دووندی

وریابە ئاسکەکە
ئاسکۆڵەی ڕۆژهەڵات
هەر وەك چۆن کۆڕەوی قولێنگان
هەمیشە ئەڕۆن و دێنەوە
هەر ئاواش ڕاوچییان ئەڕۆن و دێنەوە
بەڵام تۆ ڕابکە و هەمیشە ڕابکە
من هەموو بەهاران چاوەڕێم بێیتەوە
ئاسکەکەم ئاسکەکەم
ئاسکەکەی ڕۆژهەڵات
ڕابکە تۆ هەمیشە ڕابکە.

# دڵێك بۆ هەمووان

لەژێر دەفەی سینەی بچووکم
من دڵێکی گەورەم هەیە
دڵێکی پڕ میهرەبانی
بەشی هەزار ساڵم ئەکات
لە نێو ئەو دڵە میهرەبانەدا
ڕووباریێ ئەوین هەڵئەڕژیێ
بەشی هەموو ژیان ئەکات
لەنێو ئەم ڕووبارەدا کەشتییێ هەیە
کەشتی نەجات
بەرەو هەموو دەنیام ئەبات
لەنێو ئەم کەشتییەدا

من خۆشەویستێکم هەیە
بەشی  دەریا و زەریام ئەکات
لە نێو دڵی
ئەم خۆشەویستەدا پەیمانێ هەیە
ژیان بەرەو دونیایەکی سپیی ئەبات
لە ژێر هەموو لەمپەرەکان
شاباڵێکی گەورەم هەیە
تاقی ئاسمانان تەی بکەم
لە کێڵگەوە بۆ کێڵگەیەکی تر ڕابکەم
لەژێر دەفەی سینەی  بچووکم
من دڵێکی گەورەم هەیە
بۆ مرۆڤایەتی لێئەدات.

## زەمەن

بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە  جێیهێشتم
هەندێ لە درەوشانەوەی سیمام
هەندێ وزەی دەستەکانم
تۆزێ  تین و تاوی خوێنم
هەندێ بریقەی چاوانم
چەپکێ لە مووی ڕەشی قژم
تۆزێ لە مەنزڵگاو شوێنم
هەندێ سێوی ناو باخی دڵ
هەندێ لە دۆست و ناسیاوم
هەندێ شەونمی تەمەنم
هەندێ لە بینای چاوانم
تۆزێ فرمێسك، تۆزێ گریان
تۆزێ لە کازێوەی گیانم

هەندێ یاد و یادەوەرییم
هەندێ ئەستێرەی ئاسمانم
تۆزێ لە بیستنی گوێچکەم
تۆزێ لە دڵی شکاوم
ساڵ هات و ڕۆی
بێ ئەوەی ئاوڕداتەوە
هەموویانی بۆ ناو ماڵی خۆی بردنەوە
ئەوەی کە ئێستێ ماوتەوە
شاعیرێکی خەمبار و چەند شیعرێکی تاسەبار
تاقە دڵێکی پڕ ئەشق
چەند دەسنووسێ
دڵنیاشم و نازانم
جودایی تۆو قەدەری شووم چی ئەنووسێ؟

# لکە گیایێ بووم تەنیا

لەناو دووکەڵی شەوەزەنگ
بیرم لەخۆر ئەکردەوە
کە چەند عاشقانە
لە گەڵاکان دەئاڵا و ئەدرەوشایەوە
بیرم لەباران ئەکردەوە
نەرم نەرم ئەڕژایە دڵی کێڵگەکان
ئەو کێڵگانەی تازە بە تازە کێڵرابوون
بۆنیان ئەگەیشتە ئاسمان
بیرم لەو شەوە درێژانە ئەکردەوە
کە زەویی دایکم لەبەرخوا ئەپاڕایەوە
باران هێندە نەبارێ
ئاخر خانووەکەمان لە قوڕ بوو
دایکە زەوی ئەترسا لە ڕمان.

لکە گیایێ بووم تەنیا
لەناو دەمی کوێرەوەریی
نەفرەتم لە باهۆز ئەکرد
گۆرانیم ئەچڕی بۆ ژیان
من شین و شیوەنم ئەی نیشتمان
قەد و باڵام پڕبوو لە جوانی
ماڵەکەم بێ دەرگا و پەنجەرە بوو
تۆزی جەنگەکان و پەڵەی خوێن
سینەیان تەنی بووم
سیسبوون و ژاکان
لە دوور دوورەوە بانگیان ئەکردم
لەهەر ساتێ هەزاران جار ئەمردم

جگە لە مانگ و ئەستێرە
کەس نەبوو دڵم داتەوە
ببورن ئەگەر بەم مەینەتییە
وەرەسم کردوون
ئاخر من ئەزانم
هەموو مەل و گەڵا و گوڵ
لە دەورم مردوون
چ جیهانێکی سامناکە.
***

لکە گیایێ بووم تەنیا
لەبەر بای قەدەر
ریتم و ڕستەو ئاوازەکانم
یەکە یەکە هەڵئەوەرین
لەبەر خۆمەوە هاوارم ئەکرد
ئەوە ڕستەکانی منن شکاون
بوونەتە سواڵەتی دیرۆك
دیرۆکی سیخناخ بە ژەهر

ئەو ئاوازانە هی منن
لە گەرووی مندا هەڵقوڵاون
بوونەتە زێ بە ناو کەڤرا ئەزێنەوە
ئەو هەموو ریتمە سیحراوییانە هی منن
غەریبانە بەسەر ڕوخساری زەویدا پژاون.
***

لکە گیایێ بووم بە تەنیا
لە مەیدانی مردووان
لە شەوی درێژی ژیاندا
پردەکان هەموو ڕووخا بوون
منیان نەگەیاندەوە
سەر زەوی موژدە بەخش
کە گیا باقە شین ئەبوون
بەهار تازە لە دوور دوورەوە
هێمای ژیانەوەی بۆ ئەکردم

منیان نەگەیاندەوە ئەوبەری ئاوەکان
ئەو بەرەی کە کێڵگەکان
پڕ بوون لە مەل، ئەیانچریکاند
دەست و پەنجەکانم
لە تۆڕی مەرگ گیر بوو بوون
منیش گوڵە گەنمێکی هێندە پڕ شیر بووم
بەسەر زەویدا ئەخشام
ببورن لێم
کە باسی تەنیایی دونیا ئەکەم
ئاخر هەرچیم ئەبینی
لە خۆڵەمێشی تەنیاییدا خەوتبوو
خەوێکی قووڵ و ئەبەدیی
لکە گیایێ بووم.

## قاسەی تریفە

که ئەگریم یا ئەتویمەوە
دەوروبەرم هەمووی تۆن
ونبوونیشت پەرشوبڵاوم ئەکاتەوە
بەناو ڕەوەزی ئەبەدی نەبوونمەوە
من هەبوونی هەزار ڕەنگت ئەناسمەوە
وەك ئەدرینال ئەڕژێتە ناو هەبوونمەوە
من خۆڵەمێشێکی لەمێژینەم
سووتانی تۆ ئەناسمەوە
کە ئاگری بێئەمانی دابڕانی تۆن
هەموو ڕێچکە و ڕێگاکانی
ئەم زەویە ئەناسمەوە
سەر زەویی تۆی
ڕێگاکان تۆن

که گۆرانی ئەچڕم
یا قسە ئەکەم یا ئەگریم
یا هاوارم شەختەی بیدەنگیی ئەشکێنێ
ئەوە تۆی لە قووڵایی هەبوونمەوە
بەزمانی سووتاوی خۆم ئەچریکێنێ
دواجار کە ئەکەوم
ئەوە تۆی بەرەو لووتکەکانم ئەبەیتەوە
دەرگەی ئاسمان بۆ فڕینم ئەکەیتەوە
ئەزانم درەنگە و خۆر ئاوا ئەبێ
ئەوە تۆی قاسەی تریفەم بۆ ئەشکێنی
دەرگەی بوونم ئەکەیتەوە.

# کتێبی گوناه

دواجار بە تەنها ئەمێنینەوە
هەمووومان دڵی یەکتر ئەشکێنین
ژاڵە لە خوێنی یەکتر ئەکەین
خوێ بەسەر برینی یەکتر وەرئەکەین
پەنجەرەی ماڵان وردوخاش ئەکەین
دیواری یەکتر ئەڕمێنین
ژەهر ئەکەینە شەرابی یەکترو
گوڵاڵەی بەختی یەکتری ئەوەرێنین
کتێبی گوناهی یەکتر ئەخوێنینەوە
دواجاریش لە کەلێنێ
بە تەنها ئەمێنینەوە .

# کەشتی گەرداو

دەریا بەسامی خرۆشانییەوە
نامووسی کەونی خستۆتە لەرزە
بەتەنها لە نێو کەشتی قەدەردا
ئاخۆ شەپۆلێ بۆ کام لام ئەبا
وەك شێتێ لە ناو دڵی زەمەندا
ڕووبە ڕووی هەموو کەون ئەبمەوە
نازانم ئەگەم بەو تیشکە دوورەی
جەستەی تاریکیی لەت لەت کردووە
یا بۆ قووڵایی دەریا ئەچمەوە؟
بەتەنهام لە ناو کەشتی قەدەردا .

# سەفەری سیمورغ

له سەفەری هات و نەهاتدا
چی مەلی باغ بوو لەگەڵم هاتن
هاوڕێکانیشم
هێندێ مانەوە، هەنێکیان هاتن
کوڕی پاشای شار
سەربازی فیرار
هیندێ عەتارو کوتاڵ فرۆشێ
هێندێ پیاوی پیر
هێندێ سەرخۆش و
هێندی چەقۆکێش لەگەڵم هاتن
هەندێ لە ڕێگا سەریان نایەوە
هێندێ لە ئاوی دەریادا خنکان
هێندێ کەوتنە بەر ڕێژنەی بۆسە
بۆ ڕێگەی سەختی هات و نەهاتێ
کاروان هەر ئەڕوات
نازانم ئاخۆ کامەمان ئەگات؟

# سوێ

دوای مەرگی تۆ، دوای مەرگی تۆ
نە هەولێر هەولێری جارانە
نەمن ئەو منەی جارانم
بمتوانیایە سوورِی فەلەکم ڕائەگرت
فەزام لە تەمتوومان ئەگرت
بەڵام مەرگی تۆ هیند ئاگراوی بوو
دەفتەر و قەڵەمی سووتاندم
تەخت و تاجی لێ ڕماندم
مەرگی تۆ ئاخ مەرگی تۆ .

## باوکە باوکە

بریا دەریامان هەبووایە
دەریا پڕە لە خەیاڵ
پڕە  لە سەرکێشی و مەحاڵ
باوکە باوکە بریا دەریامان هەبووایە
دەریا پەیڕی یۆتۆپیایە
ئەگەر دەریامان هەبووایە
ئەچووینە شوێنە دوورەکان
ئەچووینە ئەوبەری دەریا
لەوێ مانگ ئەوەندە نزمە
ئەتوانین بە دەست بیگرین

شەوان ئەستێرەکان
لەئاسمان دێنە خوارەوە
لە مەکتەبی خوا بەر ئەبن
وەك ڕستەی مەرجانی پساو
بەناو زەویدا وەرئەبن
ئاسمان ئەوەندە نزیکە
دەرگای ماڵی خوای لێدیارە
دەتوانین گەر ڕێمان ونکرد
شەو لەماڵی خوا کەینەوە
باوکە باوکە بریا دەریامان هەبووایە

خۆ ئەگەر دەریامان هەبێ
ئێمەش کەشتی خۆمان ئەبێ
_ئای کوڕە شیرینەکەی خۆم
ئەگەر دەریامان هەبووایە
دوو براکە لە سەر ماسی شەڕیان ئەکرد
دەریایان پڕ لە خوێن ئەکرد
هەر چا بوو  دەریامان نەبوو
ئەگەر دەریامان هەبووایە
بە تێلدڕ دابەشیان ئەکرد
هەربۆیەش دەریامان نییە
خۆ ئەگەر دەریامان هەبێ
کەشتییەکانمان پڕ لە تەرمی براکان ئەبێ
هەر چابوو دەریامان نەبوو.

## ئاوا؟

ئەمەویست باخچەی دڵی
پڕ لە کنێری ئەوین کەم
لە میهرەبانی ڕابێنم
ئاگری لە لا شیرین کەم
ئەوێك ژەهری بۆ لە کاسە ئەکردم
دڵنیاش بووم کە بەو ژەهرە
نەوەك جارێ
هەزار هەزار جار ئەمردم
ئەوێك هەموو خەونەکانی
بە ئاو بۆ راڤە ئەکردم
وەك بەرداشێ
رۆحی ورد و خاش ئەکردم

ورد ورد دڵی
لەدەفەی سینە  ئەبردم
من دامنابوو لەڕێگەدا
سێوی دڵم
بخەمە ناو زەمیلەیەك و بۆی ببەم
چاوەکانمی پێ ببەخشم
بیکا بە ڕووناکی ڕێگەی
خوینمی بۆ بکەم بە شەراب
ئەمویست بچم بۆ لای ئەو

ئەوێك هەموو ژینی شیعرم
بۆ ئەو كردبوو بە دیاریی
خۆرم بۆ لە شان باركردبوو
مانگم لە ئاسمان فڕاندو
ئاگرم لە خوا دزی  بوو
دەمویست بچم بۆ لای ئەو
ئەوێك ئەلفابای زمانم
لە تیشك بۆ داڕشتبوو
شیری گەرمم
بۆ لە مەمكی برینداری خاك مشتبوو
هەزار هەزار دێوی ڕەشم بۆ كوشتبوو
ویستم بچم بۆ لای ئەو.

## خاکیی

بەرز مەفڕە با نەکەوی
بکەوی هەڵناسیتەوە
تاجێکی زۆر
لە بەرزایی کەوتنە خوارەوە
ئەوەی لە وەهم ڕامینێ
کێشی ئینسانی نامینێ
بە باڵای خۆتا هەڵگەڕێ
هەتا تاجی جاویدانی
بە دەوری سەرتا بگەڕێ
بەرز مەفڕە با نەکەوی.

# سوورڕی ئەڵماس

کاتێ  ئەڵماس خۆی ئەبینێ
بەسەر سینەی کچانەوە
وەک تابان ئەدرەوشێتەوە
ڕابردووی خۆی بیردێتەوە
کە ڕەژوو بوو لەناو دڵی فێنکی خاک
لەو ڕۆژەوە هەر کاتێ هەتاو لێیئەدا
کوورەی گەرمی لەمێژینەی دێتەوە یاد
کە بۆ ئەبەد
 گرێ کوێرەی هەست بە کەمیی
لەناو شەوقی ئەوا خوڵقاند .

# بەرەو کانگە

تۆ درەوشانەوەیێکی ئەبەدیی
وەك تاشەو تاوێری چیا
وەك نەغمەی ناو دڵی گیا
بۆوەی نەمریت پێ ببەخشم
ئەبێ بچمە قووڵاییەکان
بچمەوە ناو گڤەی با و
خرۆشانی تەقینەوەی ئاوی بەڕیا
وەك چۆن گەوهەر ماڵی خۆی
ئەباتە قووڵایی دەریا .

## دیزاینەر

خەریکە خۆر ئاوا ئەبێ
کە ژیان تێکم ئەشکێنێ و
پەرش و بڵاوم ئەکاتەوە
تۆ وەك دەستێکی میهرەبان
دێیت و ڕێکم ئەخەیتەوە
لەو شوێنەی کە
گۆزەی دڵمی تیا شکا بوو
تۆ وەك دۆستێکی کەونارم
دێیت و چاکی ئەکەیتەوە
کوێیەك زۆر غەریبی ئەکەم
دێی بۆ ئەوێم ئەبەیتەوە

که با یادەوەریم  ئەبا و
شەوقی سەرم ئەسڕێتەوە
تۆ سەر لە نوێ دێی
هەر هەمووی ئەنووسییەوە
ئێستێ وام لەبەر بای تووڕە
هەر تاڵێکی سەروەریمی
بۆ کەنارێ ڕفاندووە
ئەزانم تۆ دووبارە بۆ لام دێیتەوە
هەموویان کۆ ئەکەیتەوە
نازانم کەی
لە دووبارە گرواندنم ئەبیتەوە
کە دڵنیام بە بوونی تۆ
وادەی مەرگ و مەینەتیم بیر ئەچێتەوە
تۆ شاباڵی فڕینمی
تۆ هەتوانی سیحرامێزی برینمی
دوا جاریش کە ئەکەوم

ئەوە تۆی بەرەو لوتکەکانم ئەبەیتەوە
بێهوودەییم ئەکوژیت و
کتێبم بۆ ئەکەیتەوە
ئەزانم کەوا درەنگە
خۆر خەریکە ئاوا ئەبێ
ئەوە تۆی قاسەی تریفەم بۆ ئەشکێنی و
دەرگای ئاسمانی فڕینم ئەکەیتەوە
هەر کاتێکیش کە تێك ئەشکێم
تۆ دێی ڕێکم ئەخەیتەوە.

# بەردی چیا

من ئەمەویست
گۆزەی دڵم لە عەشقی تۆ
بە ئاوی دەریا گەورەکان بشۆمەوە
بۆوەی تۆزێ
پونگی نەجاتم دەسکەوێ
بەڵام ئاخ کە ئاوی دەریاش
دادم ناداو تەواو ئەبێ
هەر وەکو مناڵ ئەترسم
بەڵام تۆ کێڵگەی دڵنیایی
مێرگێکی تەڕ و پڕ ئاوی
منیش بیابانی وشك و تەنیایی
غەریبیت ئەکەم
ئەی لە زیوی پڕ شەبەق بەردی چیایی

## یەك و هەزار

دڵۆپە وێرانی ئەکردین
دەفتەر و قەڵەمی تەڕ ئەکردین
ئاخر تۆ پڕ بووی لە ئەمان
ئێمەش سەرمان پڕ لە گومان
دایە
کە تۆ هەبووی
نەدەترساین لە هیچ لافاو و ئاگرێ
تۆ تەنها بووی یا لەشکرێ؟
دایە.

## ڕێنوور

لەناو دڵی بیابانە گەورەکاندا
کە زەرد زەرد ئەدرەوشانەوە
شەوم بەسەر داهاتووە شەوی درێژ
یادەوەرییەکانی تۆ بوون
وەك چرا ئەترووسکانەوە
بەسەر پەڵە هەورەکاندا
شەوقیان ئەدایەوە
بە تۆوە بوو زانیم ئاوێ
لەو نزیکانە ئەتەقێتەوە و هەڵئەڕژێ
بەتۆوە بوو
گوێم لە دەنگی قوڵینگان ئەبوو
قەتار قەتار بەرەو مەنزڵ ئەبوونەوە
گوێم لە دەنگی باران ئەبوو
بە تۆوە بوو.

## بەخشندە

تۆ ئەبەدییم پێئەبەخشی و
دەرگەی ئازار ئەکەیتەوە
لیوانم پڕ شەراب ئەکەی
هەمدیس خاڵیم ئەکەیتەوە
وەکو بەهێ شینم ئەکەیت
پاشان کاڵم ئەکەیتەوە
وەك شمشاڵێ ئەمژەنیت و
جودابیم بیر ئەخەیتەوە
من شمشاڵم لە قامشەڵانی دڵ ڕنیوە
لەوەتەی هەم بە تەنها بۆ تۆم ژەنیوە
ئەبەدیەتم لێ سەنەوە
نەوای خەمگینی تۆم ئەوێ
تا ئەم کەونە لە ناو دڵی من بسرەوێ.

# گرێکوێرە

چەند سەختە
مەلێکی تەنها بی لە ئاسمان
یا دڵێکی خەمگین
لە تەوقی داخورپان
قەفتەی خەنجەری دەستی تۆ
سینەی کەنەوتی جەستەی من
لەمێژە بە یەکا ئەپژێن
دڵی تۆ بەسەر من
دڵی من بەسەر تۆ .

## برینداری ون

لە زەردەپەڕا
کە کڕێوە دۆڵەکانی داگرتووە
لەوێ لەناو زەنەکدا ڕاکشاوم
تیرێك لە ناو دڵما ئەژی
کززەی برینم بۆ ئاسمان ئەکشێ
تك تك خوێن و خیز ئەبەخشێ
لێم دیارە
زەویی چەند ئارام ئەنەخشێ
دەنگەکانی دەروون ناخم ئەدەلێنن
بەتەنها تەخت ڕاکشاوم
لە دوور دوورەوە ئەبینم کە گیا
لك لك سەر لە بەفر دەرئەهێنن
دەوروبەر هەمووی کش و مات
هاکا چاوم تارایی هات .
نایەکسان

ئۆف ئۆف
ڕێگاكان چەند درێژ و باریك
ژیانیش چەند كورتە
ئۆف ئۆف
لای تۆ چەند ڕووناكە
لای منیش چەند تاریك .

# کورتخایەن

که دەست لە نێو دەستم ئەنێی
دڵم نوقمی خرۆشان ئەبێ
شەپۆل ئەیدا بە شەپۆلێ
کاتێك بە ئاگا دێمەوە
دەستت لەناو دەستەکانم تاوایتەوە
لەخۆم ئەپرسم
ئیدی ئەوە چییە ئەم ژیانە
ئاوەها زوو تەواو ئەبێ؟

## لەمێژینە

من هەر گۆرانیی ئەڵێم و
ڕەشەباش هەر ئەگڤێنێ
من هەر تیشك كۆ ئەكەمەوە
تاریكیی هەر ئەلوورێنێ
من ورد ورد جوگەلەی ئاوەكان
بۆ كێڵگەكان ئەكەمەوە
ئاگری مەرگیش كانییەكان ئەوشكێنێ
دانەوێڵە بۆ مەلەكان
بە حەوشەی شیعر وەرئەكەم
ئاو بۆ كوكوختی سەر پەنجەرەكەم دائەنێم
لەگەڵ باخەوانەكان دائەنیشم.

## هەڵکردنی جوانی

کە ڕۆیشت ئەمزانی
دونیا سەرەو ژوور ئەکات
ئەمزانی چی خۆر و ڕووناکی زەمینە
هەر هەمووی لەگەڵ خۆی ئەبات
ئاگر و ئاگردان
تەنوور و نان‌دین و نانەکان
هەنگوین و شانەکان
پەروانە و گوڵەکان
درەخت و چڵەکان
تەنانەت ئاوریشم و پوورەی هەنگ و

هەموو باخەكان لەگەڵ خۆیا ئەبات
ئەمزانی ئەم كەونە
هەر هەمووی
سەرەو ژووری كۆچی خۆی ئەكات
ئەوین بێ چەمك و ژیانیش
پڕ لە بێ مانایی ئەكات
ئەمزانی ئەمزانی
ئەفرێنەریش لەگەڵ دەستی خۆیا ئەبات
ئەمزانی .

## دوای ئاگر

که گەیشتینە دەروازەی قەڵا
گیاکان ئێمەیان نەناسییەوە
باوەشیان پیا کردین
بەڵام زۆر بەسارد و سڕی
ستوونی دەرگاکان گریان
بەڵام زۆر زۆر بە کڕی
گوتیان پەڕەسێلکەکان نایەنەوە
ئێوە لانەی هەزار ساڵەی ئێمەتان بڕی.

# ئەبینم

بەهار چەند ئارام ڕسکاوە
ئاوەکان چەند بەهێمنی هەڵئەڕژێن
گیاکان چەندە شاهانە
لەسەر بنجی خۆیان ئەڕوێن
ڕووبارەکان ئاوازی خۆیان گۆڕیوە
بایەکانیش هەر هەموویان
بێ دووکەڵی ئینسان ئەشنێن
خەریکە دەشت و دۆڵ و چیا
لەبیر ئەکەین
مەلیش ئاوازی خۆشبووە
چریکەیان خاڵی بووە لە ئاخ و ئۆف
هەتا دوێنێ هاواریان بوو
لەدەستی چەپەڵی مرۆڤ
بەهار لە دەرەوی ماڵ ڕسکاوە[٣]

---

(٣) لە ژوورەوە کەرەنتین سڕی کردبووین، لە دەرەوەش بەهار سەمای ئەکرد.

# کۆترەکان

هەرگیز لە فڕین ناکەون، کۆترەکان
ئێمەیش
نەباڵمان هەیە هەڵفڕین بۆ ئاسمان
تۆزێ زەوی جێ بهێڵین
نە دەزانین وەکو ئێوە
هەوا لە گەڵ یەك هەڵمژین
نە دەتوانین بە قومێ ئاوی بارانان
تێنوێتی خۆمان بشکێنین
نە دەتوانین سنووری دەسکرد بڕمێنین
کە تەنگاو ئەبن ئەگمێنن
ئێمە دەست بۆ چەقۆ ئەبەین
کە دانتان نەمێنێ ئەفڕن

ئێمە ئاگر لە ماڵی یەکتر بەرئەدەین
کۆترەکان های کۆترەکان دوور هەڵفڕن
بچنەوە تاقی ئاسمانێ
ئێمە ئەگەر برسیمان بێ
بۆ لەتێ گۆشتی سینەتان
سەبر لە گیانمان نامێنێ
دوور دوور بڕۆن ئێمەی مرۆڤ جێبهێڵن.

# کاسەی بەرز

شمشێرەکەی خۆم دابە تۆ
بە درەوشانەوەی ئەو شمشێرە
لەهەموو جەنگەکان سەرکەوتی
لە هەموو مەیدانەکاندا
وەکو ئەستێرە دەرکەوتی
لەهەموو ڕووبارەکان بووی بە شەپۆل
لە هەموو بیابانەکان بووی بە ئاو
لە هەموو دەرگاکان بووی بە کلیل
لە هەموو شەوەزەنگەکان بووی بە چرا
لە هەموو مەیخانەکان
بووی بە باڵاترین پەیمانە
بە هەمان ئەو شمشێرەی دام بە تۆ
سینەی پڕ ئەوینی منت شەق شەق کردو
دڵت کردم بە نیشانە.

# دواجار

بینینی خۆم بەخشی بە تۆ
بەڵام تۆ چاوت کوێر کردم
لە پێناوی تۆ هەمیشە ڕامکردووە
بەڵام تۆ ئەژنۆت شکاندم
ئاوم لە چیا دوورەکان بۆ ڕاکێشاوی
بەڵام لە تێنوانا خنکاندمت
من زریانم بۆ ڕاگرتی
بەڵام دڵمت پڕ بەفر کرد
بۆ تۆ هەموو دونیام کرد بە دارستان
بەڵام تۆ لە بیابان بە جێت هێشتم
تاجی شیعری جاویدانیم لەسەر کردی
بەڵام تۆ پێکی ژیانت لێ هەڵڕشتم.

# با نەکەوین

دەستم بگرە
زەویی بەرگەی بێ دەستی یەکتر ناگرێ
تەنها گەرمی دەستەکانە هاوار ئەکات
با ئەوین زەویی داگرێ
دەستم بگرە با نەکەوین
کاتێ کە مرۆڤ ئەکەوێ
هێز نییە ڕاستی کاتەوە
دەستم بگرە تا نەکەوین.

# ئەنکیدۆ

بانگت دەکەم و ناتبیستم ئەنکیدۆ
بەیەکەوە شەڕی سەختمان کردووە
نائومێدیمان خنکاندووە
بەیەکەوە دەرگای دارستانی خمبابۆمان
بۆ هەزاران جار شکاندووە
لەسەرپردەکە شوهەدای بەغدا
گۆرانی ئازادی مەزهەرمان چڕیوە
ئەنکیدۆی برام
من شینت بۆ ئەگێڕم
وەرەوە ئەچینەوە
بۆ ئازیکەند و دێمەکار
بۆ لای گۆڕەکەی یاکوب

ئەچینەوە بۆ ئەو ڕێگا دوورانەی
بەهاران ئەمانبرِی
ئەچینەوە بۆ ئەو شوێنە ئاسێیانەی
تۆ گۆرانیت تیایا ئەچڕی
ئاخ براکەم ئەنکیدۆ ئێستا هەولێر
ئەی شای زەردەخەنەو ڕەنگ و بۆ
دوای پێکەنینە مەزنەکەی تۆ
ئەڵێی شارێکی وێرانە و
قەڵایان لێ ڕفاندووە.

## باوان

زۆر جار بەو ڕێگایانەدا ئەچمەوە
کەبەر لە هەزاران ساڵ
باوانەکانم پیایانا ڕۆیشتوون
ئەو پارچە شمشێرانە ئەدۆزمەوە
کە پێیانەوە جەنگیون
ئێستاش لە ژێر تریفەی مانگ
وەك ئەڵماس ئەتروسکێنەوە
یا هەندێجار
ئەو تیرە ژەهراویانە ئەبینمەوە
کە  لە سینەیان چەقیون
ئێستاش لە ژێر بازرقەی خوێن
وەك ئاقیق ئەدرەوشێنەوە

زۆرجار بەو ڕێیایانەدا ئەچمەوە
بەڵام هەرگیز حەرفێکیان لێ نادۆزمەوە
باوانەکانم
هەر خەریکی جەنگ بووینە
نەشمشێریان فڕێداوە نە کەوان
جارێ قەڵەمیان نەگرتۆتە دەست
باوانەکانم
هەمیشە لە جەنگدابوون .

# چراوگە

لە دوور دوورەوە دەوارێ دیارە
چرایێ تیایا
کزکز ئەسووتێ و ئەدرەوشێتەوە
لە نێو تەنیایی
ئەم دەوارەدا ژنێ دانیشتووە
لە نێو گۆزەی دڵی ئەم ژنە برینێ هەیە
لە نێو برینیش نامەیێ هەیە
لەنێو ئەم نامە ڕستەیێ هەیە
وەك سکڵی گەشی نێو ئاگردانێ
ئەگەشێتەوە
چیرۆکی عەشق بۆ ئەم جیهانە
ئەبەشێتەوە .

## غەریزە

کۆتر ئەزانێ کە قەڵا بۆ وا بەرزە
بۆیە پووشی ناو دەنووکی
ناباتە سەر هیچ قەڵایێ
دەزانێ هی ترس و جەنگە
هەرگیز خۆری
حەسانەوەی لێ هەڵنایێ.

# دوا لانە

ئایندە هەر نەهات
چوومەوە ڕابردوو
رابردوو ژەهری هەلایە
دالْدەی نەدام
ناچار هاتمەوە ناو ئێستا
ئێستا پڕ بوو لە ژاوەژاو
ڕێی حەسانەوەی پێنەدام
چوومەوە دەریا
دەنگی دووری خنکاوەکان شێتیان کردم
نەك هەرجارێ هەزاران هەزار جار مردم
گەڕامەوە بۆ بیابان
لوورەی گورگی تەنیایی کاسی کردم
چوومەوە ئەشکەوتەکان
هاوارم کرد خەریکە وەڕەسی ئەمکوژێ
تاقەدارێ گوێی لێ نەگرتم

گەڕامەوە ئاوەدانی
ئاوەدانی پڕ بوو لە ناڵە
ناچار چوومەوە دارستان
بەڵام خومبابا فڕێیدام
بەرەو چیا بەرزەکان بوومەوە
بەڵام هێند بچووك بوومەوە
کەوتمە کەلێنی بەردەکان
لە دوور دوورەوە
قانە گیایێ بانگی کردم
وەرەوە ناو سروشتی من
بێزاریی ئەبەدییەتی ئینسانە
لەمنەوە هاتووی هەر بۆمن ئەگەڕێیتەوە
تەنها لەناو باوەشی من
وچان ئەگری و ئەحەسێتەوە
وەرەوە لای من .

## پەیمانەی شکاو

با لێم ئەدا
بای باکووری نیشتمانی دوور لێم ئەدا
هەرچی بیرەوەری تۆیە
هەمووی لەگەڵ خۆیا ئەبا
وەک ئەوەی چارۆگەی سپیی کەشتی بم
قسە بۆ دەریای تۆ  بکەم
بنارێکی پڕ وەیشوومە و تەمتوومان بم
هانا بۆ لووتکەی تۆ ببەم
یا پەیمانەیەکی بەتاڵ بم
سڵاو بۆ ساقی بنێرمەوە

یا هەر نەبێ باخەوان بم
ئەفسانەی  نەجاتم
بۆ گیای نێو باخەکەی تۆ بگێڕمەوە
نە دەریا گوێ بۆ قسەی من ڕائەدێرێ
نە لووتکە فریام ئەکەوێ
نە شەراب دێ
لەناو پەیمانەم بخەوێ
بای باکووری دوور لێم ئەدا ت
هەرچی بیرەوەریی تۆیە
هەمووی لەگەڵ خۆیا ئەبات .

## سارا سەما ئەکات

بۆنی تەڕ و شێداری
کێڵگە دوورەکانی قامیش
فەزایان شەڵاڵی فڕین کردبوو
خرۆشانی دەریا و شەرابی سوور
گیانی پڕ وەهمی نیشتمانی ئەسمیم
سارا
گومەزێ ڕووناکی خستبووە سەر لەپی
لەو کاتەی گزنگ ماڵاوایی ئەکرد
لە تەمتوومانی سەر ئاوی سپێدە
لەقلەقەکان
سەفەریان دەست پێئەکرد و پەرەسێلکەکان
پووشیان بۆ لانە ئەکێشایەوە

سارا بە کراسە تەنکەکەی
وەك ئاقیق ئەدرەوشایەوە
شێتانە ئاگری لە جەستە هەڵئەچوو
ورد ورد فرمێسکی هەڵئەڕشت
بەسەر پشتی سروشت و ئاهەنگی باخەکانی
ئەتووت بخوورە
ئەپرژێتە سەر شلکەی ڕانی
منیش بە دەنگێکی نەرم ئەمووت
سارا سارا خەونەکانم کورتیلە و ساوا بوون
گۆرانیم بۆ بڵێ گۆرانی
ئەو گۆرانیانەی
پارچە پارچەی دڵم کۆ ئەکەنەوە

دڵم ئەبەنەوە شوێنی خۆی
خۆر پەشیمان ئەکەنەوە لە ئاوابوون
ئەویش بە چریکەوە هاواری ئەکرد
ئەترسم ئەترسم گۆرانییەکانم بتسووتێنن
گۆرانیی من پڕە لە پشکۆ
ئەترسم نەگەیتەوە
من لە خەمێکەوە بۆ خەمێ
سەما ئەکەم
جەستەیەکی تاریکم
ڕووناکیم دیل کردووە
بارانێکی بەلەنگازم
سەر زەوییم لەبیر کردووە
ئەترسم بلێسەم بتگرێ
نەیئەزانی لەمێژە
من کەوتووم و ئاگرم گرتووە
سارا سەما ئەکات و سەما ئەکات .

# دیلی جوانیی

پەنجەم دیلی قەڵەم بووە
چەند بەختەوەرە ئەو پەنجەم
قەڵەمم دیلی شیعر بووە
چەند سەرفیرازە قەڵەمم
شیعرم دیلی جوانیی بووە
چەندە ئازادە ئەو شیعرەم
ئای کە ئەو  دیلییە شیرینە
با هەر هەبێ
من نامەوێ نە پەنجەم و
نە قەڵەم و نە شیعریشم
لەو دیلییە ڕزگاریان بێ .
بریسکەی یاقووتێ

مناڵیم شەوێکی درێژ بوو لە تەیراوە
درێژ تر لە هاواری سەدەیەکی نەبڕاوە
شەوان ئەستێرەمان ئەژمارد
کە ناوە ناوە بە گوڕ ئەڕژان
بەیانی بە دوای پارچەکانیا ئەگەڕاین
کە مانگ بە نیوە ئەبوو
وامان ئەزانی شکاوە
بەسەر ڕوومەتی ئاسمان پژاوە
شەوی درێژی سەر بانەکانی
نان و ترێی ئێوارانی
شامینۆکی بەیانیانی
خانووە قوڕە جوانەکانی
هێلانەی پەڕەسێلکەی سواندەکانی
ئاوی شەربەی سەر لێوی ستارەکانی
هەمووی لە ناو هزری منا
وەك شووشەی شکاوی بەر هەتاو
ئەتروسکێنەوە ناو بە ناو .

# شیعر

شیعر دەنگی لە دەریایە
سەدای لە هەورە دوورەکان
ئەوەی تا ئێستا نووسیومن
چەند ئاوازێکی خەمگین بوون
بوون بە مەل و
هەڵفڕینە تاقی ئاسمان
تازە بۆم ناگیرێنەوە
چی بکەم
ئەی مەلەکان کەی دێنەوە
تا جلێکی ئەبەدییتان بە بەراکەم .
فیلمێکی خەمناك

ئەسپێکم هەبوو ئەسپێکی جوان
کە تاوی ئەدا پرشنگی چاوی
هەر وەکو تیشکی
ناو دڵی دەریا ئەدرەوشایەوە
کەروێشکەی بژی سەر شان و ملی
ورشەی ئەهات و ئەچوو بۆ ئاسمان
بچووك بوو بچووك
لە شەڕی گەرمی براکانەوە گرتبوومەوە
بەشیر و وێنجەی چیاکانەوە
گەورەم کردبوو
ڕستێ گوڵینگی
پیرۆزی خاکم نابووە توێڵی

ملوانکەی گەشی
پیرۆزی خاکم لە مل کردبوو
ئاوم بۆ لە کەلێنی سەختی شاخان ئەهێنا
کە باڵی ئەگرت دنیای تەی ئەکرد
هەرچی مەحاڵی ئەم زەمینە بوو
لەژێر قورسایی
سمی پیرۆزی گڕی خوای ئەگرت
کاتێ براکان لەشەڕ بوونەوە
بەردی چیاکان سووڕ هەڵگەڕابوون
جەستەی کوژراوان وەك دەنکی هەنار
بە نێو چاوانی

تاشە و تاوێری خاکدا پڕا بوون
ئەسپەکەی منیان کرد بە هی خۆیان
لێیان سەندمەوە
کاتێ سەرگەرمی مەلە بوون لە خوێن
پشتیان تێکردبوو و توورپیان هەڵدابوو
نەیانئەزانی
ئەو ئەسپە جوانە نیشتمانمان بوو
گەر دەستی سپی شیعری پاك نەبووا
لەمێژ بوو کەوا
لە شەبەیخوونی ئەوان مردبوو .

# ئەو لە ئەو

ئاسمان سینەو بەرۆکی خۆی
بۆ شەوی تار ئەکاتەوە
سگی بە ئەستێرە پڕ ئەبێ
شەو سوخمەی ڕەشی خۆی
بۆ مانگی درەوشاوە ئەکاتەوە
سگی بە تریفە پڕ ئەبێ
تریفە ئەپڕژێتە ناو پسدانی درەخت
سگی لە مەلی گەڵا پڕ ئەبێ
پشکۆی جریوە دائەگیرسێ
بەناو زەویی و زار وەرئەبێ
زەویی سگی بە ڕووناکیی
هەتاهەتایی پڕ ئەبێ
کەون باوەش بۆ هەموویان ئەکاتەوە
سگی لە هەمووان پڕ ئەبێ
فەزا ئەکەوێتە هەلهەلە
دواجاریش خۆر لەدابك ئەبێ.

# ئاگری تاریکیی

کاتێ تاریکیی
ئاگر لە باخی هەبوون بەرئەدا
پشکۆی گومانم دائەگیرسێنێ
حوبری ڕژاوی
ناو دەروونی خۆم کۆئەکەمەوە
ناو لەپم پڕ پەپوولەی سپیی برینم ئەبێ
لەژووری تەنیام هەڵئەنیشنەوە
کاتێ تاریکیی
پشکۆی گومانم دائەگیرسێنێ
بۆیە ئەمەوێ
پەیمانێ لەگەڵ خۆرەتاو مۆرکەم
کەئاوا ئەبێ لەگەڵ خۆیم بات
چونکە ئەترسم زۆر زۆر ئەترسم
ئاگری تاریکیی
لەناکاو بێت هەڵمقرچێنێ .

# هەوەسێك

هەنێجار من و تۆ
بەیەکەوە ئەبینەوە مناڵ
جانتا شڕەکەمان هەڵئەگرین
ئەچینەوە بۆ مەدرسەکەی مەولەوی
خودایە ئاخۆ کەی
ئەو دڵەمان دابکەوی؟

## سەرینی تەڕ

شەو هەیە ئەگریم
هێند فرمێسکتان بۆ هەڵئەڕێژم
هەتا خەوم لێئەکەوێ
لەخەویشا خەونتان پێوە ئەبینم
یەکتان
مورتك لەبەر دەرگادا ئەڕوێنێ
یەکتان
کۆتری ناو لیسەکان هەڵئەفڕێنێ
یەکتان کتێب ئەکاتەوە
شەو هەیە ئەگریم.

## موژدەبەخش

کە ئەهات وەك پەیکی نادیار
دۆڵەکان پڕ ئەبوون لە بۆنی کتێب و
قەڵەمیش لە ڕستەی جاویدان
مەل سەمای ئەکرد و گیاکان ئەڕسکان
ئاگری هەڵفڕین لە شاباڵ بەرئەبوو
تاشەبەرد لە تاوان شەق ئەبوو
زەمەن وەك بێ ناو ئاو
ئەلەرزی لە ژێر پێی ئەسپەشێ
کە ئەهات
جوانییەکان ڕەنگیان هەڵئەڕشت
بای مەستیی ئەهات و
بارانی شەرابی دایئەکرد
کە ئەهات کچانیش ڕووت و قووت
لە تاوان یەکتریان هەڵئەمژت .
پایە

گەر بتەوێ بەسەر دەریاکانا زاڵ بیت
ئەبێ نرکەی هەموو بیابانەکانت بیستبێ
یا بتەوێ دەستت لە ئاسمان گیر بێ
ئەبێ هەموو سەر زەوینت تەی کردبێ
گەر بتەوێ بچیە ناو دڵی ئازادیی
ئەبێ نەغمەی
هەموو زنجیرەکانت لەبەر بێ
یا بتەوێ تیشکی ژیانت بەرکەوێ
ئەبێ مەستی شەرابی دونیات لەسەر بێ .

# سەروەریی

هەوڵ مەدە سەر دەستە بیت
هەموو سەردەستەکان کەوتن
بوونەتە دیلی نەمریی
هەوڵ مەدە بەردەستە بی
هەموو  بەردەستەکان دیلن
تەنها کەسێ شایستەی ژیانە
نە حاکمەو نە مەحکوومە
بەڵام جوانترین ئینسانە .

## ورتە ورت

ئەی ژیان
ئێمە سکاڵایەکی زۆرمان هەیە لە تۆ
بەڵام تۆ هەرگیز قسەیێ ناکەی
زۆر بە دوای تۆدا ڕائەکەین
بەڵام تۆ هەرگیز ئاوڕێ نادەیتەوە
-ببورە شاعیری برام
من هاتم بۆ لای ئێوە
هەر خەریکی نوێژی مردن بوون
ژیانی ئەولاتان دەوێ
منیش ژیانی سەر زەویم
چاوەڕوانی ئەوە مەبن
تۆزێکی منتان بەرکەوێ .

# پەرییەکانم

*پێشکەشە بە رۆحی پاکی زاهیدەو نەعیمەی خوشکم

خوشکێکم هەبوو لە تابان
لە ئاقیقی هەزار ڕەنگی ئەشکی چاوان
میهرەبانی لە دڵی دایکم هێنابوو
خۆشەویستیشی لە باوکم
خوشکێکم هەبوو لە مەرجان
لە هەناری هەزار دەنکی باخی باخان
هێمنی لە دایکم هێنابوو
بەزەییشی  لە باوکم
خوشکێکم هەبوو میهرەبان
گەڕایەوە بۆ باوەشی
ناو خاك و خۆڵی نیشتمان
بنوو خوشکە ئازیزەکەم
سەر زەوی زۆر ناخۆش بووە
تیشکی گەرمی حەسانەوەی
هەرگیز تیادا دەرناکەوێ
مەگەر تۆزێ لە هێمنیت
لە ژێر زەوییدا بەرکەوێ

# کاشوێن

کات ماڵێکی تەنگ و ناخۆشە
من لە کات ڕائەکەم
دەرەوەی کاتەکان ماڵمە
شوێن شەرابێکی تاڵ و سەنگینە
شوێنەکان جێدێڵم
دەرەوەی شوێن ئاڵە
کات و شوێن بۆ ئەوین ناگونجێن
ئەوین کەی ئەتوانێ
لە بنباڵی شوێنکات هەڵبکات
ئەو مەلە شاباڵی خۆی هەیە
بێ فڕین ئەکەوێ
پەڕوپۆی ئەسووتێ
چی بکەم تا بتوانم
دەرەوەی کات و شوێن
بکەم بە ماڵی خۆم
فەزای تۆ بدوێنم؟
ئەی ئەوین .

# تۆتۆ

من سیمای بای برینداری
سەرکێلەکان ئەخوێنمەوە
قسە لەگەڵ زریانی ناوەخت ئەکەم
ئەچمە میوانیی دەریاکان
قسە لەگەڵ حوتە سپییەکانی ملفل ئەکەم
کە بتوانم بەستەڵەکی
گیانی ساردوسری پرۆست بتوێنمەوە
ئەی بۆ ناتوانم
کتێبی پیرۆزی تۆ بخوێنمەوە؟

# تیغ

ئەوەی بۆ کوشتنی من هاتبوو
ئێستا تەرمێکی ڕزیوە لە گۆڕستان
ئەوەی بۆ خامۆش کردنی بینینم هاتبوو
لە ڕێگادا چاوەکانی خۆی دارژا
ئەوەیش بۆ ئەوینی
دڵی سپیی من هاتبوو
هەموو عەتری شیعرەکانم
بەسەر ڕوومەتیا هەڵڕژا.

## تۆ هەموو ڕەنگەکانی

سەیری هەموو ئاوێنەکانم کردووە
تۆ لە ناو هەموو ئاوێنەکانی
بە هەموو زمانێ
ئەوینی تۆم خوێندۆتەوە
تۆ زمانی هەموو کتێبەکانی
سەیری هەموو ئەتڵەسەکانم کردووە
تۆ لە ناو هەموو ڕەنگەکانی
هەموو جەنگەکانی ئەوینی تۆم کردووە
تۆ شمشێری پڕ بریسکەی
ناو هەموو جەنگەکانی .

## شیعر ئەی ژیانم

بیرم لەوە کردۆتەوە چی بنووسم
ناگا بە زیوی ئەو بەفرەی
تریفە ئەیبەخشێ بە تاشەی  چیا
هەربۆیەش بڕیارم داوە
جەوهەری شیعرم تریفە بێ
کەروێشکە بکا وەك گیا.

## هەتاوی ناو ئاو

وا هەست ئەکەم
پەرداخێ شەرابی سووری
لەناو تاقی پەنجەرەیێ
کەپڕ هەتاوی زێڕ بووە
ئەندێشەی پڕ ئاگر کردووم
هێندە سورفڵ هەڵگەڕاوە
ئەڵێی خۆخێکی شەرمنە
تازە شیری تیا پڕاوە .

## دڵۆپێ پیرۆز

دڵۆپێ ڕژایە ناو چۆل و چیا
بوو بە سوول و بووە دێوانەی بناران
سوول گەورە بوو
بوو بە جۆگە
جۆگەلە بوو بە رووبار و
دۆڵەکانی پڕ هاژە کرد
تا بوو بەزێ
هەڵرژایە دڵی بەڕیا
زێ زێ هەڵچوو بوو بە دەریا
دەریا ئەوەندەی شەپۆل دا
بوو بە زەریا
ئێستێ لەسای ئەو دڵۆپە زیوین چاوە
سێ چارەگی دونیا ئاوە
دڵۆپێ بە کەم مەزانن.

## زەویی شكاو

ماندووە زەویی لەبەر پێی ئینسان
بۆیە وا ناخی پڕ بوورکان بووە
هەر ئەڵێی دڵمە درزی بردووە
لە هەزاران جێگادا شکاوە
وەکو کاسەیێ
شەرابی خۆیان پێ ئەخۆنەوە
کە مەستیش ئەبن تووڕیان هەڵداوە
ماندووە زەوی.
نەورەسە خەمگینەکان

هەزاران ساڵە
خەمگینی شینی ئەو نەوڕەسانە
وەك ئاقیقی سوور
هەڵئەڕژێتە سەر
لمی نەرمینی ئەو کەنارانە
بۆیە جارجارە نەوڕەسێ دیارە
لەنێو غەریبی و تەنهایی خۆیا ئەبوورێتەوە
تووڕەیی و ڕەزمی شەپۆلەکانە
لە جیاتی خوێنی پڕ شەوق و گوڵین
بە نیو جەستەیا ئەسوورێتەوە .

# میهرەبانی

ناو سینەم نیشتمانی ئەبەدیی تۆیە
چۆنت توانی نیشتمانی خۆت ون بکەی
ناگەی بەوەی تۆ ئەتەویٚ
با چی مەدارە تەی بکەی
بگەڕێوە دڵم بکە گۆزەی شەراب
لەبەر تاڤگەی سووری خوێنم بخۆرەوە
تەنها لە نێو ئەم نیشتمانە ئەزانی
چییە مانای میهرە بانی؟

# که ئەدوێی

وشەکانت ئەبن بە قەند
لە دەمی چیا ئەتوێنەوە
جۆگەلەکان
پڕ لە شەهدی هەنگوین ئەبن
پیتەکان ئەبن بە مرواری
لە ناو دڵی
تاریکی شەو ئەدرەوشێنەوە
جووڵەی لێوت
ئەبێ بە کەروێشکەی گیا
که جوانیت تاوێر هەڵوەرێنێ
ئەبێ حاڵی دڵم چۆن بێت؟
تۆ هەمیشە بدوێ
بۆ وەی جیهان سەرەونخوون نەبێ
گورگی وەڕەسی
لە سووڕی ژیان بەرنەبێ .

## ستایش

جەستەی تۆ گوڵێکە
لە مەرکانەی ئاوێکی ڕوون
جەستەی تۆمەشخەڵە
لە وێرانە زێدی توناوتوون
جەستەی تۆ هەتاوە
ڕووناکیی ئەبەخشێ بە گەردوون
جەستەی تۆ.

# شکانی ئاقیق

بای ئەم زەمەنە تووشە
یادەوەری تێکشکاندووم
شووشەی زمانی شکاندووم
میتافۆر و ئاماژەی کوشتووم
بە تیغی دەبانی مەینەت
ڕستەی هەلا هەلا کردووم
ڕێگاکانیش ناچنەوە سەر یادەوەریم
من کە باخەوانی زمان بووم
درەخت دوای درەخت هەڵوەریم .

## ئاوئاو

کەشتی با هەڵیگرتین
هەڵیدراینە نێو خەرەندی هەبوون
کەوتینە نێو کێڵگە دوورەکانی چیا
کە نوقم بوو بوون
لە ژێر پەردەی نەرمی گیا
کاتێ کە خۆت ڕووت کردەوە
خزیتە نێو ئاوی ڤیان
هەرچی ئاوی زەویی هەیە
بەسەر باڵای تۆ هەڵگەڕان
تۆ بووی بە ئاو
ئاو بوو بە تۆ
بۆیە ئیستا هەر شیعرێ ئەنووسم ئاوە
ئەبێ بە هەڵمی جوانیی
قەڵەم و دەفتەر جیدێڵێ
ئەچێتەوە بۆ سەرچاوە.

# نیشتمانی ون

له هەموو کاسەیێ شەرابدا
مەستێکم بیردێتەوە،  له هەمووان ئاگاتر
له هەموو چیایی
تاوێرێکم بیردێتەوە، له هەمووان نەرمتر
له هەموو گۆڕستانێ
مردووێکم بیر دیتەوە، له هەمووان زیندووتر
له هەموو زیندانێکدا
زیندانییێکم بیر دێتەوە، له هەمووان ئازادتر
له هەموو جەنگیکدا
ترسنۆکێکم بیردێتەوە، له هەمووان ئازاتر
دواجار له هەموو نەخشەیەکدا
نیشتمانێکم بیر دێتەویە
له هەمووان بزر تر.

# خەونی فڕین

له دارستان سینەی سپێدەم کردەوە
شەونمم بۆ کۆکردەوە
له ئەرخەوان ئاوازی سینەم بۆ دانا
له چیاکان بەردی سپییم بۆ هۆنییەوە
له سینه دا سێوی دڵم بۆ سپی کرد
لەناو لەپی ئەوم دانا
بەڵام ئاسك باڵیگرت و
جارێ نەبوو بنیشتەوە
لەو ڕۆژەوە من له مەشقی هەڵفڕینم
خەون به دووباڵ ئەبینم .

## هەتا هەتا

من نەوڕەسێکی چەند ماندووم
باڵم هەیە و ناتوانم بەرز هەڵفڕم
سامگرتەی هات و هاواری ڕاوچییانم
شوێنکەوتەی بۆن و بەرامەی
سەرپشتی کەشتییەکانم
چۆن خۆم لەگەڵ دژواریی قەدەر ڕابێنم
من نەوڕەسێکی چەند ماندووم
جگە لە ئاو
خەون بە هیچ شتێکەوە نابینم.

# گوڵە گەنمێ

ڕۆحی پڕ بوو لە شیری ژیان
هەموو ڕۆژی
باڵای هەڵئەچوو بۆ ئاسمان
یاری بە تیشکی خۆر ئەکرد
دڵی پڕ ئەبوو لە ڤیان
سەمای ئەکرد ئەشنایەوە
چاوی پڕ ئەبوو لە ساماڵ
دوا جار کەوتە بەر دەمی داس
بوو بە لەتێ نانی گەرم
ئەبریقایەوە وەك ئەڵماس..